www.kurdistannet.org
7-6-2003 12:36

# ئازادییەکی نوێمان دەوێت

نەریمان مۆریاسی

گەر ئاداری ١٩٩١ قۆناغێکی مەزنی مێژووی ئازادی بێت لە کوردستانی عێراقدا ئەوا نیسانی ٢٠٠٣ قۆناغێکی گەلێك مەزنتری ئەو مێژوویە، گەر ئاداری ١٩٩١ تا نیسانی ٢٠٠٣ بتوانین بە قۆناغی ئازادییەکی (شەرمنانە) ناوببەین ئەوا قۆناغی پاش نیسانی ٢٠٠٣ پێویستە قۆناغی ئازادی (راستەقینە) بێت، گەر (حزب و حزبایەتی) بە دەسکەوتە باش و خراپەکانیشیانەوە دیارترین سیمای قۆناغی یەکەم بووبێتن بلێی (مرۆڤ و ئازادی خود) نەبنە مۆرکی دیاری قۆناغی دووەم، گەر (ترس لەدەرەوەو ناوەوەیخۆمان و ترس لە دیکتاتۆر) یەکێکی دیکەی سیما سەرەکییەکانی قۆناغی یەکەم بووبێت ئەوا (نەمانی ترسی دەرەکی و نەمانی دیکتاتۆر) سیمای دیاری قۆناغی دووەم دەبێت ئەمە بانگەشەکردن نییە بۆ نەفی کردنی قۆناغێك و کارەکتەرەکانیان بەڵکو هیواخواستنێکە بۆ جێگۆڕکێی ئەو کارەکتەرانەو بەس، چونکە قۆناغی یەکەمیش بەپێی خۆی بەرهەمی باش و خراپیشی هەبووە بەلام گرنگ لێرەدا دووبارەنەکردنەوەی خراپییەکانی قۆناغی یەکەمە لە قۆناغی دووەمدا، هەرێمی کوردستانی عێراق نزیکەی سیانزە ساڵ بوو لە سیما ماددیەکانی رژیمی دیکتاتۆری رزگاری ببوو بەلام ئەو گۆرانکارییە مەزنەی لە پاش نۆی نیسانەوە لە عێراقدا روویدا دیسان مرۆڤی کوردیشی خستەوە بەردەم ئەرکی نوێ پێشهاتی تازەوە، گەر لە قۆناغی یەکەمدا مرۆڤی کورد زیاتر بۆ دەرەوەی دەروانی ئەوا لەمەودوا دەبێت زۆرتر بۆ ناوەوەی کۆمەڵگەکەیی و خودی خۆی بڕوانێت، ئیدی تاکەکەسان پێویستییان بەوە هەیە چاو بە زۆربەی پەیوەندیەکانی خودی خۆیان و دەزگاکانی دەسەلات بگێڕنەوە، لەگەڵ تەواوی دەزگاکانی سیاسی و جفاکی و ئاینیدا لەسەر بنەمایەکی ئازاد پەیوەندییەکانییان دابمەزرێننەوە، چونکە ئەو گۆرانکارییانە کارێکی وایان کرد کە زۆر لە سەنتەرەکانی هێز لە کوردستاندا گۆرانیان بەسەردا بێت، ئەوساش و ئێستاش مرۆڤی کوردستانی بۆ پێشوازی کردن لە ئازادی و هەڵسوراندنی ئازادی ئامادەگی تەواوی هەبوە، بەلام روداو و گەمارۆی هەمەلایەنەی ناوخۆی و ئیقلیمی و ئیرادەی دەسەلاتی سیاسی کوردستان کە پارتە سیاسییەکان بەڕێوەیان برد وایکرد کە پەیوەندی نێوان دەسەلات و مرۆڤەکان پەیوەندی نێوان مرۆڤ و حزبەکان بێت، پەیوەندی خواپەرستیش پەیوەندی نێوان مرۆڤ و حزبە ئیسلامیەکان بێت نەك پەیوەندی نێوان مرۆڤ وخواوەند بێت بە شێوەیەکی دی، رەنگبێ لەوەشدا باری کوردستان و گوشاری ولاتانی ئیقلیمی بۆ سەر ئەزموونی هەرێمی کوردستانی عێراق کاریگەری خراپی دانابێت، بەڵام ئەمڕۆ ئیدی لە کوردستانی عێراقدا مرۆڤی کورد پێویستی بە ئازادییەك هەیە، ئازادییەك کە رێز لە مانا جوانەکانی خودی تاکەکەسی ئەوو بوونی بەشەریانەی ئەو بگرێت، کە دەڵێین بوونی بەشەریانە مەبەستمانە بڵێین رێز لە غەریزەی مرۆڤ بۆ ئازادی بگرێت، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە لەدەرەوەی هێزەکانی کۆمەڵگەدا چ هێزە جفاکی و ئاینی و چ هێزە سیاسییەکان مرۆڤ بەهای خۆی لەدەست نەدات، مرۆڤ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگە یان وەکو سەنتەرێکی دیکەی هێز تەماشای بکرێت. کاتێك مەخاتەبەی دەکرێت لەسەر بنچینەی حزبایەتی وخزمایەتی نەبێت بەڵکو لەسەر بنچینەی ئەوە بێت کە ئەوە بەشەرە و پێویستە رێز لە بوونی بگیردرێت، گەر مرۆڤی کورد ئەمڕۆو لەم ساتەوەختەی وەرچەرخاندا نەتوانێت ئازادانە قسە بکات ئیدی بۆهەتاهەتایە و تا ئەم هەسارەیە ماوە ناتوانێت ئازادانە قسەی خۆی بکات.

دەکرێت بۆکوشتنی ئازادی چەندین شێوازی جۆراوجۆرو چەندین شێوازی دیموکراتیانەش دابهێنرێت، دەکرێت ئازادی بشێوێنرێت و بەناوی ئازادی سەردەم و ئازادی عەقلانی و ئازادی سەرمایەداری و ئازادی ئیسلامییەوە بانگەشە بۆ دەسەلأتێك بکرێت کە هیچ وەخت بڕواشی بەئازادی نەبووە، دەکریت لەسێبەری دەیان رۆژنامەی ئازاد دا ئازادی ئەتك بکرێت، بەلام لە ناخی هەرمرۆڤێکدا ئازادی هەر دەمێنێت کە هیچ دەسەلأتێك بە رووە جیاوازەکانیانەوە ناتوانن بیکوژن، لەپاڵ غەریزەکانی مرۆڤدا ئازادیش یەکێکە لە غەریزەکانی دیکە، ئەوە دەسەلأت و سیستەمە سیاسی و جفاکی و ئاینییەکانە چوارچێوە بۆ ئەو ئازادییە دادەنێن، رەنگبێ بگوترێت ئازادی غەریزەیی کۆمەڵگە بەرەو فەوزا دەبات و بەبێ ئازادی سیستمکراو ناکرێت کۆمەڵگە بەڕێوەببرێت، بەلأم کوشتنی غەریزەی ئازادیش تاوانێکە قەرەبووی ناکرێتەوە. لە نێوماندا چەندین غەریزە هەیە کە مرۆڤ لەرێگەی ئەزموونی خۆیەوە توانیوێتی کاری ئەو غەریزانە رێکبخات بەبێ ئەوەی فەوزا دروست بکەن، کەواتە مرۆڤ ئەگەر سیستمی سیاسی و جفاکی و ئاینی لێی بگەڕێن دەتوانێت غەریزەی ئازادیش رێکبخات و فەوزاش دروست نەکات، بەمەرجێك

**مرۆڤەكان خودان خودێتی خۆیان بن و كەسایەتی مرۆڤانەی خۆشیان لە دەست نەدابێت، رژێمی سیاسی و ئاینی و حزب خۆیان نەكردبێتە خاوەنی مرۆڤ، مرۆڤ دەبێت كەس خاوەنی نەبێت، دەبێت ئەو خاوەنی حكوومەت و حزب و ئاین و كۆمەڵگە بێت، مرۆڤ دەتوانێت حزبی بێت بەمەرجێك مرۆڤێكی ئازادیش بێت، دەشتوانێت بڕوادار بێت بەلاَم لەهەمانكاتدا ئازادیش بێت لەكوێ نوێژدەكات و چۆن لەگەڵ یەزدانی خۆیدا پەیوەندی دەبەستێت بەبێ بوونی هیچ پەیوەندداریێكی دیكە، ئەم دوو حاڵەتە نوێیە ئەمڕۆ لەهەركاتێكی دیكە زیاتر پێویستە مرۆڤی كوردستانی هەستی پێبكات.**

**٤حوزەیرانی ٢٠٠٣**

nmoryasi@hotmail.com

تێبینی كوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org كوردستان نێت